

# فیفا لیستی کۆتایی باشترینەکانی ٢٠١٤ ئاشکرا دەکات

یەکێتی تۆپی پێی جیهانی فیفا لیستی کۆتایی پاڵێوراوەکانی باشترینەکانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٤ ئاشکراکرد، کە گرنگترینیان خەڵاتی تۆپی زێڕینە (بالۆن دۆر) کە تایبەتە بە باشترین یاریزانی جیهان و بە هاوبەشی لەنێوان فیفا و گۆڤاری فرانس فوتبۆل پێشکەش دەکرێت، پاڵێوراوەکانیش بەم شێوەیەن:

* خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان (تۆپی زێڕین):

کریستیانۆ رۆنالدۆ هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی ریال مەدرید
لیۆنیل میسی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە
مانوێل نۆیەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرەن میونشن

* خەڵاتی باشترین کچە یاریزانی جیهان:

نادین کیسلەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا
مارتا هەڵبژاردەی بەڕازیل
ئابی وامباك هەڵبژاردەی ئەمریکا

* خەڵاتی باشترین راهێنەری جیهان

دییگۆ سیمیۆنی راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید
کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەری یانەی ریال مەدرید
یواکیم لۆف راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

* خەڵاتی باشترین راهێنەری جیهان (ئافرەتان)

رالف کیلەرمان راهێنەری یانەی ڤۆلفسبۆرگ
مارین مینبێرت راهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی ئەڵمانیا
نۆریۆ سازاکی راهێنەری هەڵبژاردەی ژاپۆن

* خەڵاتی جوانترین گۆڵ (خەڵاتی بۆشکاش)

خامیس رۆدریگز - رۆبن ڤان پێرسی - ستیڤانی رۆش

شایانی باسە لە رۆژی ٢٠١٥/١/١٢ لە وڵاتی سویسڕا ئاهەنگی فیفا بەڕێوەدەچێت و خەڵاتەکان دابەش دەکرێن.

# ئەنریكی دەیەوێت سوود لە ماندووبوونی ریال وەربگرێت

بەڕێوەبەری هونــەری یانەی بەرشــلۆنە لویــس ئەنریكــی ئامــادەكاری تــەواو دەكات بــۆ گەڕانەوەو پێشــكەوتن لە بەرامبەر یانەی ریال مەدرید لە ســەرووی ریزبەندی خولی ئیسپانیا، ئەوەش بەهۆی قەڵەباڵغی و سەرقاڵی خشتەی یاریەكانی یانەی ریال مەدرید.

رۆژنامەی ئاسی ئیســپانی بڵاویكردۆتەوە راهێنەری ئیسپانی یانەی بەرشلۆنە دركی بەوە كردووە كە تیپەكەی لەماوەی جەژنەكانی ســەری ســاڵ بە بەراورد لەگەڵ یانەی شــاهانە پشووی زیاتر دەبێت، چونكە لەوكاتەدا یانەی ریال گەشتی وڵاتی مەغریب دەكات بۆ بەشداری لە پاڵەوانیەتی مۆندیالی یانەكان، بەمەش خشتەی یارییەكانی ئەو یانەیە جەنجاڵی و ماندووبوونی زیاتری پێوە دیارە لە چاو یانەی بەرشــلۆنە، بۆیە ئەمە دەرفەتێكی باشــە بۆ لویس ئەنریكی تا تیپەكەی بگەڕێنێتەوە سەرووی ریزبەندی خولی ئیسپانیا لە سەری ساڵی نوێ و لە ئەگەری هەر شكستێكی یانەی ریال.

شایەنی وتنە یانەی بەرشلۆنە گرنگترین بەربەستی خۆی بڕی كە یانەی ڤالنسیا بوو و توانی هەر سێ خاڵی یارییەكە بۆخۆی دەستەبەر بكات و یارییەكانی داهاتووی تا ئەندازەیەك ئاسانترە.




# ئەرسنال چاوی لە یاریزانێكی ئیتاڵییە

یانەی ئەرســناڵی ئینگلیزی ئامادەیە بەشــێوەیەكی فەرمی گرێبەست پێشكەش بە یاریزانی پالێرمۆی ئیتاڵی دیبالا بكات لەماوەی گواســتنەوەی زستانە لەمانگی كانوونی دووەمی داهاتوو.لەمبارەیەوە رۆژنامەی كوێرێری دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی رایگەیاند یانەی ئەرسناڵ ئامادەیە بڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆ بداتە یانەی پالێرمۆ بە مەبەستی رازیكردنی بەرپرســانی ئەو یانەیە بەتایبەت ماوریسۆ زامبارینی سەرۆكی یانەكە لە بەرامبەر دەستبەرداربوون لەم یاریزانە. پێویســتە بگوترێت یاریزان دیبالا یەكێكە لەو یاریزانانەی بۆتە جێی ســەرنجی ژمارەیەكی بەرچاو لە یانەكانی ئەوروپا بەهۆی ئەو ئاســتە بەرزەی پێشكەشــی دەكات لە وەرزی ئەمســاڵ.

رۆژنامەكانی ئیتاڵیاش ئەو یاریزانە تەمەن ٢١ساڵانەیان بە ئەگوێرۆی نوێ ناوزەد كردووە كە توانایەكی زۆری جووڵەی هەیە.